پشنوژی هەینی نەجەف داوای زیادکردنی فشارەکانی سەر تورکیا دەکات بە دەستبەرکردنی ئاوی ڕووبارەکانی دیجلە و فورات

پشنوژ و وتارخوێنی هەینی نەجەف، سەدر ئەلدین قوبانچی ئەمڕۆ دووپاتی کردەوە کە حکومەتی عێراق لایەنی سەرەکیی و بەرپرسیارە لە دەستبەرکردنی ئاو بە هاووڵاتیان، داوای زیادکردنی فشارەکانی سەر تورکیای کرد بە زیادکردنی دەردانی ئاو بە ناو ڕووبارەکانی دیجلە و فورات.

قوبانچی لە وتارەکەیدا، کەموتەڕع بەدواداچوونی بە کردووە، وتی: قەیرانی ئاو لە عێراق بووەتە خنکێنەر، بەو پێیەی وشکسالی دەستیکردووە بە کاریگەری لەسەر کێڵگەکان، تەنانەت ئاوی خواردنەوەش لە هەندێک پارێزگادا ئاڵێز بووە.

ئاماژەی بەوەشکرد: پاراستنی ئاو ئەرکێکە لەسەر هاووڵاتیان، بەڵام بەرپرسیارەتی سەرەکی لە ئەستۆی دەوڵەتدایە بە دەستبەرکردنی ئاو، پێویستە هەوێش بدرێت بە ئەوەی فشار بخرێتە سەر تورکیا، ئەمە جگە لە دروستکردنی بەنداو و دەریاچەی زیاتر بە دەنیا بوون لە بەردەوامیی.